## تیۆری دەستەبژێر Elite theory

ئەم تیۆرە لە کۆمەڵناسی سیاسی زۆر بڵاوە.

دەستەبژێران، بریتیین لە کۆمەڵێك یاخود دەستەبژێرێك لە تاکەکان، کە دان **بەلێهاتوویی و هێزیاندانراوە**، لە **کاریگەری و کۆنترۆڵکردنی** کاروبارەکانی کۆمەڵگا.

بەپێی ئەم تیۆرە، کۆمەڵگەکان دابەشی سەر دوو چین دەبن(**دەستەبژێری فەرمانڕەوا، فەرمانبەسەرداکراو**)، دەستەبژێران **لەژمارەدا کەمن بەبەراورد بە خەڵکی گشتی،** لەگەڵ ئەوەشدا دەستیان گرتووە بەسەر **سەرچاوەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا، بڕیارەکان لای ئەوان دەردەچن.**

دەستەبژێران دوو جۆرن(**دەستەبژێری دەسەڵاتدار، دەستەبژێری نادەسەڵاتدار)**

دەستەبژێری دەسەڵاتدار، ئەو جۆرەی دەستەبژێرانن، کاریگەرییەکی **ڕاستەوخۆیان** هەیە لەسەر ئەندامانی کۆمەڵگا، چونکە دەستیان گرتووە بەسەر **جومگە هەستیارەکان** و **ناوەندەکانی هێز** لە کۆمەڵگادا، وەک **دەستەبژێری سیاسی، دەستەبژێری حکومی، دەستەبژێری سەربازی**...هتد.

دەستەبژێری نادەسەڵاتدار، ئەو جۆرەی دەستەبژێرانن، کاریگەرییەکی **ناڕاستەوخۆیان** هەیە لەسەر ئەندامانی کۆمەڵگا، **شوێنکەوتوویەکی** زۆریان هەیە، رۆڵیان هەیە لە **ئاراستەکردنی** ئەندامانی کۆمەڵگا؛ وەک، **دەستەبژێری زانستی، دەستەبژێری ئاینی، دەستەبژێری هونەری و وەرزشی** ...هتد.

نوسینەکانی (ئەفلاتون، ئەرستۆ، سان سیمۆن، هیبۆلیت) بووە هۆی دانانی بناغەی ئەم تیۆرە. بەڵام داڕێژەری ئەم تۆرە بۆ چەند بیرمەندێکیتر دەگەرێتەوە وەك (پاریتۆ، مۆسکا، رۆبەرت میشێلز، رایت میلز). ئەوان کۆکن لەسەر ئەوەی دەستەبژێران فەرمانڕەوای کۆمەڵگان.

بەڵام لەسەر ئەو بنەمایە ناکۆکن کە **دەستەبژێران دیاری دەکەن**؛ بۆیە دەبن بەم ئاراستانە:

**١- ئاڕاستەی ڕێکخستن:**

مۆسکا و میشێلز دەڵێن: دەستەبژێران خاوەن **ڕێکخستنێکی تۆکمەن**. ئەوانیش دابەش دەبن بۆ چینی **فەرمانڕەوا** و **نا فەرمانڕەوا**.

چینی(دەستەبژێر)فەرمانڕەوا، **ژمارەیان کەمە** و هەموو دەسەڵاتە سیاسییەکانیان قۆرغکردووە؛ بەڵام چینی زۆرینە(فەرمانبەسەرکراو) ژمارەیان زۆرە و لەلایەن چینی دەستەبژێری فەرمانڕەواوە بەڕێوە دەبرێن.

بەردەوامی گۆرانکاری لە کۆمەڵگادا، لەسەر چۆنیەتی رەفتاری دەستەبژێر وەستاوە، بەوەی وردە وردە ئەندامە لێهاتووەکانی ناو کۆمەڵگا، بباتە ناو خۆی و بیانکاتە دەستەبژێری نوێ، خاوەن( دەسەڵات، سامان، پۆست...).

هەتا دەستەبژێران **زیاتر خۆیان رێکبخەن**، **زیاتر باڵادەست دەبن،** زیاتر دەتوانن ڕووبەڕوی هێزەکانی دژیان بوەستنەوە.

ئەوان ژمارەیان **کەمە**، دەسەڵات و سامانیان هەیە، بۆیە **ئاسان خۆییان ڕێکدەخەن**، بۆیە بە ئاسانی بڕیارە سیاسییەکان دەدەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا **لەنێو خۆشیاندا ململانێیان** هەیە.

بەڵام زۆرینە(خەڵکی گشتی)، **ژمارەیان زۆرە، بەڵام**(توانای **خۆ ڕێکخستن**، **هۆشیاری، سەرکردایەتی)** یان نییە، بۆیە هەمیشە بە پاشکۆیەتی دەمێننەوە.

**بەدوو شێوە ئەندامەکان بەگەڕ دەخرێن:**

یان بەشێوەی **ئەرستۆکراتییە**(**دەستەبژێری نوێ لە دەستەبژێری کۆن دەبن**)، یان بەشێوەی **دیمۆکراتییە(لە ناو چینی فەرمانڕەواییکراو، ئەندامی نوێ بۆ فەرمانڕەوایکردن هەڵدەبژێردرێت)**.

مۆسکا دەلێت، زیادەڕۆیکردن لەهەردوو ئاراستە کە مەترسیدارە چونکە ئەگەر زیادە رۆیی لە ئەرستۆکراتی کرا، ئەوا **چینی دەسەڵاتدار ئاگای لە بەرژەوەدییەکانی کۆمەڵگە نامێنێت.** ئەگەر زیادەڕۆیی لە دیمۆکراتی کرا، ئەوا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی **تارمایی شۆرش**، چونکە لەخوارەوە بۆ سەرەوە فەرمانڕەوا دیاری دەکرێت و **بە ئاسانی یەکانگیر نابن.**

**مۆسکا هەردوو پرەنسیپەکە پیکەوە کۆدەکاتەوە و چوار جۆری دیاریکراو لە سیتمی فەرمانڕەوایی دیاری دەکات:**

١- **ئۆتۆکراتی – ئەرستۆکراتی**: وەك دیاریکردنی پاشا لەناو بنەماڵە خانەدانەکان.

٢- **ئۆتۆکراتی – دیمۆکراتی**: لەهەندێك لە سیستەمە ئۆتۆکراتییەکاندا، فەرمانڕەوا بەپێی لێهاتووی **بەرپرسەکان** دیاری دەکرێت، بێ گوێدانە **بنەچە**، باگراوندی **کۆمەڵایەتی**، ئاستی **ئابوری** ئەو تاکە.

٣- **لیبراڵی – ئەرستۆکراتی**: لەم جۆرە لەناو **نەوەکانی خانەدانەکان، هەڵبژاردن** دەکرێت بۆ دیاریکردنی دەستەبژێری فەرمانڕەوا.

٤- **لیبرالی - دیمۆکراتی**: دیاریکردنی نوێنەری نوێیە بۆ دەستەبژێری سیاسی لەلایەن **کۆمەڵگاوە** و بەریگای **هەڵبژاردن** دەبێت.

مۆسکا دەڵێت، ئەگەرچی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بەشداری دەکەن، بەڵام هەمیشە خاوێن نابێت و دەستکاری ئەنجامەکان دەکرێت، زۆرجار فەرمانڕەواکان فێڵ و تەڵەکەی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن بۆ دیاریکردنی دەستەبژێر، بەمەش دەستەبژێری پشتاوپشت یان دەستەبژێرێك کە خزمەتی دەستەبژێرەکانیتر بکات دروست دەبێت.

**٢- ئاراستەی سایکۆلۆژی**

**پاریتۆ**، لە کتێبی( ئەقڵ و کۆمەڵگا)، دەلێت: دەستەبژێرەکان، ئەوانە لە هەموو بارێکی مرۆیدا دەرکەوتوون، بەپێچەوانەی مۆسکا، ئەو دەڵێت: دەستەبژێر، بەرهەمی لێهاتووی **رێکخراو نییە**، بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵێك **سیفەتی مرۆیی** و **دەروونییە**.

پاریتۆ، بۆ لێکدانەوەی باڵادەستی دەستەبژێر، خولی بژاردەکان(دەرکەوتنی دەستەبژێرێکی نوێ و دیارنەمانی دەستە بژێرێکی کۆن)، کردوونی بە دوو بەشەوە.

ئەوانەی مەیلی **تێڕامان** و **بیرکردنەوەیان** هەیە: خەڵکانێکی **زیرەك** و **فێڵبازن.**

ئەوانەی مەیلی **مانەوە** و **ڕیزبەندییان** هەیە: حەزیان لە **هێز** و **دەسەڵاتە.**

**سیاسەت**، پێویستی بە هەردوو جۆرەی دەستەبژێر هەیە، بەشێکی پەیوەندی بە **قایلکردن** و بەشەکەی تر پەیوەندی بە **هێزەوە** هەیە.

لە هەر سەردەمێکدا، سیستەمی فەرمانڕەوایی، لەسەر ئەوە وەستاوە، کە ئایا دەستەبژێری فەرمانڕەوا، ئەو تاکانەی گرتۆتەخۆ، کە لەجۆری **یەکەمن(زیرەك** و **فێڵبازن)**، یان لەجۆری **دووەمن(هێز** و **دەسەڵات)**.

لە حاڵەتی یەکەم، دەستەبژێر لەڕێگای **قایلکردن** و **ڕاکێشانەوە** فەرمانڕەوایی دەکات، بەچەندین شێوە، جەماوەر **قایل دەکات** یاخود **دەخەڵەتێنێت**، تاکو فەرمانڕەواییان بکات.

بەڵام لەحاڵەتی دووەم، دەستەبژێر، **هێز** بەکار دەهێنێت؛ ئۆپۆزسیۆن و ناڕەزاییەکان سەرکوت دەکات، پاراستنی سیستەم لای ئەو ئامانجە.

پاریتۆ دەڵێت: هەموو سیستەمێکی فەرمانڕەوایی بەمجۆرەیە، کە سێ جۆرن؛ لە جۆری دەستە بژێری یەکەم، یاخودلە جۆری دەستەبژێری دووەم، یاخود جۆری دەستەبژێری سێیەم، هەم **ڕێوین** و هەم **شێر** واتە تێکەڵەن لەیەك كات.

**٣- ئاراستەی ئابووری :**

**بیرنهام** لە کتێبی ( شۆڕشی ئیداری) 1942 بڵاوی کردەوە، کە ئاوێتەی تیۆری **دەستەبژێر** و تیۆری **مارکسی** بوو.

پێیوایە کاتێک کەسانێک توانیان **کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان** بکەن لە کۆمەڵگادا، دەتوانن کۆنترۆڵی هەژموونی سیاسی کۆمەڵگاش بکەن، بەمەش سەرکەوتن یان شکستهێنانی دەستەبژێر، لە پاراستنی دەسەڵاتی خۆیدا، پابەندە بە **ئاستی کۆنترۆڵکردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە**.

ئەگەر دەستەبژێرێکی دیکە، توانی کۆنترۆڵی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بکات لە کۆمەڵگادا، یاخوود توانی هونەرێکی نوێی بەرهەمهێنان پێشبخات، ئەوکات جێگای دەستەبژێری کۆن دەگرێتەوە.

بۆ نموونە، کاتێک سەرمایەدارەکان، تەنها دەستدەکەن بە **کۆکردنەوە سامان**، بەمەش **چالاکی بەرهەمهێنان** دەخەنە ئەستۆی کەسانێکی **ئیداری و تەکنۆکرات و هونەری**، بەمەش پڕۆسەی بەرەمهێنان، لە لایەنی سەرمایەدارەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسانێکی تەکنۆکرات و شارەزا.

کە بە تێپەڕبوونی کات، ئەمان دەتوانن **کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمێنان** بکەن.

بەمەش **چینی سەرمایەدار** وەکو دەستەبژێری دەسەڵاتدار بوونیان نامێنێت.

لە بەرامبەردا، چینێکیتر دروستدەبێت، کە پێیان دەوترێت، **چینی تەکنۆکرات**، کە پاش **کۆنترۆڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان** لە کۆمەڵگادا، دەتوانن **کۆنترۆڵی بواری سیاسی** کۆمەڵگاش بکەن.

**٤- ئاڕاستەی دامەزراوەیی:**

ئەم ئاراستەیە بەستراوەتەوە بە بوچونەکانی(**سی رایت مێڵز**)، زانای کۆمەڵناسی ئەمریکییەوە. مێڵز پێیوایە، پێکهاتەی دەستەبژێر بەستراوەتەوە بە **دامەزراوەکانی** کۆمەڵگا، لەوانەش **دامەزراوە سەربازییەکان، دامەزراو سیاسییەکان، کۆمپانیا گەورەکان**.

یەکانگیری دەستەبژێر، تاڕادەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بە **ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان دامەزراوەکان**، واتە **نزیکی نێوان سەرکردەی دامەزراوەکان**، زۆر پێویستە بۆ بوونی دەستەبژێر لەسەر ئاستی کۆمەڵگە.

پێیوایە کە هەتا **پلەی لێک نزیک بوونەوەی دامەزراوەکان و ئاڵوگۆڕی ڕۆڵەکان زیاد بکات**، دەستەبژێن **یەکگرتووترە** و بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

مێڵز، تێبینی بوونی دەستەبژێرێکی بەهێزی لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا کردووە کە لە سەرکردە سیاسییەکان، بەرپرسە سەربازییەکان، سەرۆکی کۆمپانیای گەورەکان پێکهاتوون.

**تیۆری قورئانی و دەستەبژێر:**

بەپێی تیۆری قورئانی، سێ تایبەتمەندی وەک پێوەر دیاریکراوە بۆ هەڵبژاردنی دەستەبژێر بەتایبەتی دەستەبژێری دەسەڵاتداری سیاسی؛ ئەو تایبەتمەندییانە بریتیین لە(چاکسازی، مەعریفە، توانا و لێهاتووی).

خودا دەفەرموێت(**وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ اللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا ۚ قَالُوا أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ الْمَالِ ۚ قَالَ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ ۖ وَاللَّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَن يَشَاءُ ۚ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ) (247)**.

ئەوەی جێی سەرنجە، لێرادا تایبەتمەندی پارەداری و دەوڵەمەندی، یەکێک نییە لە تایبەتمەندییەکان، بەپێچەوانەی سیستەمی سیاسی سەرمایەداری، کە دەوڵەمەندی تایبەتمەندییەکی هەرە گرنگە بۆ بوون یان هەڵبژاردنی دەستەبژێرانی دەسەڵاتداری سیاسی لە کۆمەڵگادا.

ئەمەش واقعی و لۆژیکی تێۆری قورئانیمان بۆ دەردەخات، چونکە ئەم سێ تایبەتمەندییە، بەهۆی هەوڵ و ماندوبونی خودییەوە بەدەست دەهێنرێت، ناتوانرێت بەرێگای بۆماوە، یان بە بەکارهێنانی کەسانیتر بەدەست بهێنرێن.

بەڵام تایبەتمەندی دەوڵەمەندی و سامان، رەنگە بە هۆی لێهاتوویی خودییەوە نەبێت بەڵکو لەرێگای خێزان و بنەماڵەوە بێت، یاخوود دەتوانرێت لەرێگایەکی ناتەندروستەوە بەدەست بهێندرێت.

لەگەڵ ئەوەی  لە تیۆری قورئانیدا، هەبوونی سامان لەپاڵ ئەو سێ تایبەتمەندییەیتر، رەت نەکراوەتەوە؛ بۆ هەڵبژاردنی دەستەبژێری دەسەڵاتدار سیاسی، بەمەش تیۆری قورئانی میکانیزمێکی زۆر کاریگەر دیاریدەکات بۆ هەڵبژاردنی دەستەبژێران بەجۆرێک، رێگری دەکات لە دەستەبژێری ساختە و خراپەکار بگەن بە پێگە و پۆستە باڵا و هەستیارەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەت.

## <u>تیۆرەکانی دروست بوونی دەوڵەت</u>

### <u>تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی.</u>

بریتییە لە گرنگترین ئەو تیۆرانەی کە لێکدانەوەی بۆ **گەشەسەندنی کۆمەڵگە** و **بنیاتنانی دەوڵەت کردووە**، بەو مانایەی کە دەوڵەت و کۆمەڵگە بەرەنجامی **پەیمانی کۆمەڵایەتین**.

بنەمای ئەم تیۆرە، پێیوایە کە مرۆڤ پێش دروستکردنی دەوڵەت و ڕێکخراوی سیاسی، ژیانی ئاسای هەبووە، هیچ سیستمێکی سیاسیی نەبوو، یاسای و دەستوورێک نەبوو کە ژیان ڕێک بخات، بەڵکو یاسای سروشتی و کردار و ڕەفتارەکانی مرۆڤ هەبوو، هەر کەس بەرپرسبووە لە ژیانی تایبەتی خۆی.

ئەم تیۆرە لە لایەن کەسانێکی جیاواز گەنگەشە و هەلێنجراوی بۆکراوە لەوانە(هۆگۆ گرۆتیۆس-١٦٢٥ )، (تۆماس هۆبس -١٦٥١ )، (سامۆیل ڤەن یوفەندرۆف-١٦٧٣)، (جۆن لۆک-١٦٨٩)، (ژان ژاک رۆسۆ-١٧٦٢)، (ئیمانویل کانت- ١٧٩٧)، پێیاندەوتریت، هاوەڵانی پەیمانی کۆمەڵایەتی و هەریەکێکیان بە جۆرێکی جیاواز باسی تیۆرەکەی کردووە.

### <u>تۆماس هۆبز و تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی:</u>

**هۆبز** پێیوابوو، مرۆڤ لە **حاڵەتی سروشتی**، لە حاڵەتێکی **نائەخلاقییەوە** نزیکەوە، بەرژەوەندیی تایبەتی تێیدا زاڵە، ڕێسا و یاساکان هیچ بەهایەکیان نییە.

بۆیە لێرەدا، **شەڕی هەمووان دژی هەمووان سەر هەڵدەدات**، مانەوە بۆ «**بەهێز**» دەبێت.

پاش ئەمە، مرۆڤەکان بیریان لەوە کردەوە کە دەبێت لەم قۆناغە دەربازیان بێت بۆ **حاڵەتێکی باشتر**، بۆیە، بیریان لەوە کردەوە کە **پەیمانێکی گشتی ببەستن** کە هەمووان تێیدا بەشدار بن و **دەسەڵاتێک** بەرهەم بهێنرێت کە دەسەڵاتێکی باڵا بێت، بەرژەوەندیی گشتی بپارێزیت، توانای داڕشتنی یاسا و سزادانی تاوانباران و ڕێکخستنی ژیانی گشتیی خەڵکی هەبێت.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، تۆماس هۆبز لە **کەشێکی ترس و توقاندن لە دایک بوو** لە ترسی هاتنی سوپای ئیسپانی. خۆی دەڵێت دایکم دوانەی بوو کە بریتی بوون لە من و ترس. لەماوەی ژیانیدا بەچاوی خۆی پشێوی و ناهەمواری رەوشی سیاسی ئینگلترای بینیوە. ئەو **ڕووداوانە کاریگەریەکی تەواوی لەسەر بۆچونەکانی هەبووە.**

بەتایبەت شەڕی ناوخۆی ئینگلیز لە دەیەکانی ١٦٤٠.

لەم سۆنگەوە ویڵی بەرهەمێک بوو تا ببێتە ڕزگارکەری وڵات، دوو بەرهەمی گرنگ بەناوی (لەبارەی هاوڵاتیبوون) و (ڕەخنەی تۆماس وایت) هەیە. بەڵام ئەوەی هزری هۆبز بێت لە بەرهەمی (**لیڤیتان**-١٦٥١) خۆی دەنوێنێت.

لە درێژەی پەیدابوونی دەوڵەت دەڵێ «هەر کەسێک لە فیترەتا(حاڵەتی سروشتی)، لە هەموو شتەکان بەشدارە و لە مافدا یەکسانن» و «لە بنەڕەتا ئەم یەکسانییە سەرچاوەی ناڕەحەتییەکانە» **چونکە خەڵک سنوور بۆ ئارەزووەکانی دانانێت.**

هۆبز پێیوابوو، ژیانی مرۆڤ لەسەرەتادا بریتی بووە **لەشەرو ئاژاوەو ناکۆکی**، هەر تاك و گروپێك هێزو دەسەڵاتی هەبوایە هەڵی دەکوتایە سەر لایەن و گروپێکی تری بێهێز، بەمەش خەڵکان و گروپەکان نەیاندەتوانی خۆیان بپارێزن لە داگیرکاری و هەڵکوتانە سەر، بۆیە تاکەکانی کۆمەڵگا بیریان لە رێگا چارەیەك کردەوە، بۆ ئەوەی برۆنە دۆخێکی باشتر و ماف و ژیانیان زامن بیت و باشتر بێت لە دۆخی پێشویان.

بۆ ئەم مەبەستە هەڵسان بە **دەستبەردار بوون لە تەواوی دەسەڵاتەکانی خۆیان** و **دایان بە چەند کەسێک تاکە کەسێك**، ئەو کەسەش ناویان نا پاشا یاخود میر.

ئەو میرەش بووە دەسەلاتداری کۆمەڵگا، **کەس نەیدەتوانی لێپرسینەوەی لێبکات**، بەم شێوەیە **ئەم قۆناغە باشتر بوو لە قۆناغی پێش خۆی.**

دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت، ئەو بۆچونەوەی هۆبز لە ژیانی خۆی و ئەو قۆناغەی کە تیایدا ژیاوە سەرچاوەی گرتووە.

**<u>جۆن لوك و تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی:</u>**

جۆن لوك بیرمەندێکی ئینگلیزی بوو.

بۆچوونی جون لۆک دەربارەی حاڵەتی سروشتی و ئاساییی مرۆڤ، جیاوازە لە ڕای تۆماس هۆبز، لۆک پێیوابوو، **ژیانی سەرەتایی مرۆڤ ژیانێکی ئاسودە و ئاسایی و خۆشگوزەران و دوور لە کێشە بووە**، پێیوابوو، مرۆڤ لە سایەی **یاسای سروشت** دا بە **یەکسانی و ئازادی ژیاون**.

ئەم بۆچونە ڕێك پێچەوانەی بۆچونەکەی هۆبزە، کە دەڵێت ژیانی مرۆڤ لەسەرەتادا پڕبووە لە ئاژاوەو ململانێ و هەڵکوتانە سەریەکترو نەپاراستنی مافی بێهێزەکان، جۆن لوك پێیوابوو، کە مرۆڤەکان بۆ ئەوەی بڕۆنە **قۆناغێکی باشتر و خۆشگوزەرانتر و ڕێکوپێکتر** پەنایان بردە بەر(**گرێبەستی کۆمەڵایەتی**).

لۆک پێیوایە، مرۆڤەکان لە حاڵەتی سروشتی، پەیوەندییەکی یەکسان لە نێوانیاندا هەیە. بەڵام، مرۆڤ هەمیشە بە دوای ئازادیی بێسنوور دەگەڕێت. ئەم ئازادییە بێسنوورەش وا دەکات کە مرۆڤەکان نەتوانن بەگوێرەی پێویست پێکەوە بژین.

بۆیە هەوڵی **بەستنی پەیمانی کۆمەڵایەتییان** دا، بۆ ئەوەی **ئازادیی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا ڕێک بخات**؛ بەپێی ئەم **گرێبەستە کۆمەڵایەتیە**، تاکەکانی کۆمەڵگا دەست لە **بەشێك لە مافەکانیان هەڵدەگرن**، لەپێناوی ژیانێکی باشترو خۆشگوزەرانتر؛ نەك **لە هەموو مافەکانیان هەروەکو تۆماس هۆبز بۆی دەچێت.**

لە هەمان کاتدا کەسی دەسەڵاتدار، ناتوانێت دەست بۆ ئەو مافانەی تاکەکان درێژ بکات، کە تاکەکان لای خۆیان هیشتویانتەوە، واتە کەسی دەسەڵاتدار، دەسەڵاتی بێسنووری نیە، بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەکەی، کە دەبێ لەچوارچێوەی دیاریکراودا بەڕێوەی ببات.

ئەگەر ئەو چوارچێوەیە دەرباز بکات، بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵگا، هەروەها کەسی دەسەڵاتدار، بەرپرسیارە بەرامبەر لە ئاسایش و سەلامەتی و فەراهەمکردنی یەکسانی و دادپەروەری لەنێوان هاوڵاتیاندا، بەم پێیە، ئەمە ئەوەی بەسەر دەسەڵاتداردا سەپاند کە ئازادییەکان ڕێک بخات و بەرژەوەندیی گشتی بپارێزێت.

## <u>جان جاک ڕۆسۆ و تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی:</u>

کتێبەکەی ڕۆسۆ گرێ بەستی کۆمەڵایەتی یان پەیمانی کۆمەڵایەتی (The Social Contract) کە لە ساڵی(١٧٦٢)، بڵاویکردەوە، ڕۆسۆ پێیوابوو، حاڵەتی **ڕەسەن و سروشتی** لە مرۆڤدا، بریتییە لە حاڵەتی **ئاشتی و میانەڕەوی کە پشت بە بەها ئەخلاقییەکان دەبەستێت.**

هەروەها وایبۆدەچێ، کە گەشەسەندنی بوارەکانی **میکانیکی و ئابووری**، بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگە **هەوڵی دەربازبوون لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر بدات.**

گەشەسەندنی میکانیکی و ئابووریی کۆمەڵگە، بووە هۆی دروستبوونی **جیاوازی لە کۆمەڵگە** و پەیدابوونی **خاوەندارێتیی تایبەتی** و دواجار ئەمەیش بووە هۆکارێک بۆ پەیدابوونی **چەند سیفاتێکی نێگەتیڤ لە ناخی مرۆڤدا.**

ئەم **خاوەندارێتییە،** بووە هۆی **دابەشکردنی کۆمەڵگە** بۆ **دوو چین،** چینی خاوەندارەکان و چینی کرێکاران. ئەمەیش بووە هۆی هەنگاوێک بۆ بنیاتنانی دەوڵەت و دەسەڵات، کە لە ڕوانگەی **کرێکارانەوە** ئامانج لێی بریتییە لە **بەرجەستەکردنی عەداڵەت و یەکسانی،** لە ڕوانگەی **خانەدانەکانیش** ئامانج لێی بریتییە لە **پاراستنی بەرژەوەندی و موڵک و ماڵ و سامانیان.** ئەمەیش دەبوایە لە چوارچێوەی **پەیمانێکی کۆمەڵایەتیدا** ڕێک بخرێت، کە **بەرژەوەندیی گشتی** بپارێزێت.

حکوومەت بەپێی ڕای ئەو، لە دامەزراندنا قەرزاری پەیمان و گرێ بەستێکی کۆمەڵایەتییە، کە پاراستنی خەڵک مسۆگەر بکات بەرامبەر بەمەش **خەڵک واز لە هەندێک مافی خۆیان بهێنن بۆ حکوومەت.**

بەم جۆرە حکوومەتی ڕاست ئەویە، لەسەر ئاوات و حەزی خەڵک دامەزرابێت، و گەل بۆی هەیە لە حکوومەتەکەی **ڕاپەڕێت،** هەر کاتێک کە زانی لە مەرجەکانی گرێ بەستەکە پەشیمان بووەتەوە یان لایداوە.

ڕۆسۆ مافی شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵکی دژی حکوومەت داوە گەرهاتوو لایدا لە بەرامبەر مەرجەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی کە بەهۆیەوە دەوڵەت و حکومەت دامەزراوە کە گرنگترینییان بریتییە لە پارێزگاریکردنی حەڵک و بەدیهینانی دادەپەروەری و خوشگوزەرانی بۆ خەڵک.